www.kurdistannet.org
4-12-2007 0:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەمشەو دووربێ لەتۆ ئەمرم ... سالارجەوهەر**

بێ ئەمشەو با
سەرلەنوێوە لەگریانی شاعیریم گەی
بێ ئەمشەو با
....... دەستێ... چلێ
....... پەیڤێ.... دلێ
لەزەنگۆلەی بێداریم دەی
بێ ئەمشەو (با)
گرۆزێکەو گوێم ئەتەنێ
بێ ئەمشەو (با)
هێشووی نیگات لە چاوەکانما ئەچنێ
دە بێ ئەمشەو
فەرهاد لەدەستما گیان ئەداو
حەلاج لەخەمما ئەسووتێ
مەم لەکالانی چاومدا
بەتەنیایی هەڵئەتووتێ
دەبێ ئەمشەو
چاوی چرا هێشتا گەشەو
درەختەکانیش وا شنە لەخۆ ئەگرن
ئاخر تۆ کوای؟
تۆ ڕاهاتووی... وەکو گڤە
لەتەك شنەی با دا هەڵبێ ی
تۆ ڕاهاتووی... کاتێ شیعرێ ئەمگرێنێ
بۆ ژوورم بێ ی
ئاخر دە کوای؟
ئەمشەو خەمێ... ڕێژنەی خاکی شیعرم ئەکا
ئەمشەو بێ تۆ پێنووسێکی تەزیو ئەگرم
ئەمشەو تاسەی هەناسەیە ئەمکوژێت و... هەتیوو ئەمرم
ئای ی کەخۆشم ئەوێ ی ئەمشەو
تۆ ناڵێ ی دوا هەناسەمەو بۆ ئەسووتێم
تۆ ناڵێ ی دوا
گۆرانی فرمێسکەکانمەو... لەم پەسارە هەڵئەتووتێم
دە بێ ئەمشەو....
دەبێ ئەمشەو.. لەسەر دەرگاکەم تۆم نووسی
لەشیعرما وێنەم کێشایت و ڕامووسی
ئاخر ئەمشەو...
شاعیرێ ئێشکت بۆ ئەگرێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مژدانەی شیعری فرمێسکەو
ئاهی بۆڵێ هێشووی عەشقەو
چاوەڕوانیی بۆتە هەناسەی گشت ساتی
ئاخر... چراش چاوی کز بوو
گەڵاش مت بوو
باش نووست و تۆ هەر نەهاتی
باش نووست و تۆ هەر نەهاتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.